له بڵاوكراوه‌كانی
یه‌كێتی نووسه‌رانی كورد
لقی هه‌ولێر

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com
للكتب ( كوردى ، عربي ، فارسي )

# گفت وگۆیه‌كی ئه‌ده‌بی
# له‌گه‌ڵ شاعیری كلاسیكی
# بورهان جاهید
# دا



ئاماده‌ كردنی

كه‌ریم شاره‌زا
ئه‌حمه‌د شه‌ریف
یوسف ئه‌حمه‌د ده‌رگه‌له‌یی

ئەم کتێبە

لە ئامادەکردنی پێگەی

(منتدى إقرأ الثقافي)

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بۆ سەردانی پەیجی پێگە:

https://www.facebook.com/iqra.ahlamontada/

بۆ سەردانی پێگەکە:

http://iqra.ahlamontada.com

ڕۆر سوپاسی ئەو برایانەی خوارەوە دەکەین بەرامبەر بەو

ماندووبوونەیۆ چاپ کردنی ئەم کتێبە نواندیان :

١ ــ کاك سامی شۆرش ــ سەرپەرشتی چاپ کردن

٢ ــ کاك سلیمان شاکر ــ وێنەی بەرگ .

٣ ــ کاك محمد زادە ــ نووسینی بەرگ .

٦٠ فلس

# ووشەیێك ..

نووسینی : عزالدین فیضی
سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی کورد
لقی هەولێر

هەولێر شارێکی زۆر کۆنە و ناوبانگی بە هەولێرە کۆن رۆیشتووە ، چونکە کۆنترین شارە لەجیهاندا کە تائێستا ئاوەدان بێ و مێژووی دێرینی وامان بۆ دەگێرێتەوە کە دەشتەپان و بەرینەکەی شانۆیەکی فراوان بووە بۆ زۆر شەڕ و شۆڕ و سەراو و دەراو ، وەکوژرانی دارای بەناوبانگ لە لایەن سوپای ئەسکەندەری گەورەوە لە نزیك ئەم شارەدا یەکێك بووە لەم سەربردە کۆنانە .

قەلاکەی و گردەکانی دەوروپشتی زۆر کەل و پەل و پاشماوەی کۆن و بەنرخی تێدایە ، بەتایبەتی گردەکانی سەعداوە و قالیچاغا و هەرچەندە دەست لەقەلاکەشی نەدراوە ، بەلام بەمەزەندە وادیارە زۆر شتی کۆنی گرنگی تێدابێت .

ئەم شارە پەرستگەی ئاشوورییەکان بووە و چوار خواکەیان واتە چواربتەکەیان لە ناوەراستی قەلابووە و هەر بەم بۆنەیەوەش جێگەی زانست و زانیاری گرنگ بووە .

زۆر جار ئەم شارە لە لایەن دراوسێیە زۆردارەکانیەوە

داگیرکراوە و زۆریشی پێ نەچووە دانیشـتووە دلێرەکانی توانیویانە دوژمنەکانیان دەربکەن و تۆز و خۆلی نۆکەرایەتی لە خۆیان داوەشێنن و بەسەربەستی بژین و لەکاتی سەربەخۆیی دا هەردەم مەڵبەندی زانا و شاعیر و رەوشـەن بیران بووە ، بەتایبەتی لە کاتی فەرمانڕەوایی ( سولتان موزەفەری کۆکبەری ) دا کە هەولێر ناوچەی زانست و زانا و ئەدیب و شاعیران بوە ، هەندێکیان لەو زاناو رەوشەن بیرانە وولاتی خۆیان بەجێ هێشتووە و بە شـارە گەورەکانی عیراقدا گەڕاون و هەندێکیشیان بە گەرۆکی گەیشتوونەتە وولاتی شام و میسر و هەر وەها پلەی بەرزیشیان پێ سپێردراوە و زۆر خزمەتی ئاینی ئیسلام و و زمانی عەرەبیان کردووە وەك [ ئیبن خەلەکان و ئیبن مستۆفی و سەبغەتوللای حەیدەری و مەلا جەرجیسی ئەربیالی ]

خوێنەری بەرێز هەروەك لاتان ئاشکرایە سوپای عوسمانی ماوەیێکی زۆر رژیم و دەسـتەلاتی لە هەولێردا گێڕاوە و ویستوویەتی و گەلێ تەقەللاشی داوە کە زمان و کەلەپووری کۆنی شـارەکە لەناو ببات و بیتوێنێتەوە و زمانی تورکیان لەناودا بچەسپێنێ ، جـا هەرچەندە تا رادەیێك توانی لەناو دانیشتوانی قەڵا دا ـ لەو کاتەدا ـ بگات بەئامانجی خۆی و ئەنجامی ئەم کارەشیان هەروەك خالێك وابوو لەسەر رووی زەویەکی پان و بەرین دا و زۆری پێ نەچوو لافاوی کوردایەتی

دەوروپشتی ئەم شارە دای پۆشی و باری دانیشتوانی هاتەوە دۆخی جارانی ، بەتایبەتی کە ( میر محمد پاشا ) بەخۆی و بە لەشکرێکی پۆلاییەوە هاتە خوارەوە و عوسمانیەکانی لەم ناوەدا دەرکرد و رژێم و فەرمانڕەواییەکی کوردی تێدا دامەزراند . .

لەپاش شەڕی یەکەمی جیهاندا هەولێریش وەك شار و وولاتەکانی تر جوولانەوەیێکی سیاسی و ئەدەبی و رۆشنبیری و کۆمەلایەتی تێدا خولقا و خوا لێخۆش بوو ( حوزنی موکریانی ) و چەند مامۆستایەکی قوتابخانە دەستێکی بالایان هەبوو لەم بزووتنەوەیەدا ، وەلەسالەکانی سییەکاندا لە شێوەی جوولانەوەیێکی شانۆگەریدا پەردەی سەندووە و لە ئاهەنگەکانی نەورۆز و قوتابخانەکاندا گەلێ جموجۆلی هونەری و ئەدەبی رێك وپێك پێشکەش کراوە . هەر لەو ماوەیەدا بوو کە چەند کەسانێك خەریکی هۆندنەوەی شیعر بوون و بەرهەمێکی باشیشیان بووە و ئیستا خۆیان دوور خستوتەوە لە مەیدانی ئەدەبدا ، وەك ( ناسح حەیدەری و ئیبراهیم هوشیار و جەلال نەقشبەندی وە شاعیری کلاسیکی ناودار ( کانی ) یش لەریزی ئەوانە بووە . .

بەلام لە پاش شۆرشی چواردەی تەمموزی ١٩٥٨ جموجۆلی یەکی بەتینتر کەوتە نێوان لاوە ئەدیب و شاعیرەکانمان بە تایبەتی دوای یانزدەی ئاداری ١٩٧٠ توانیان بیر و باوەر و

ئەندێشەی خۆیان بە شیعر و نووسین دەربڕن و بەرگی کۆن
دادڕن و بەرەو قۆناغێکی پێشکەوتوو تر بڕۆن بەرێبازێکی نوێ
تردا یەکێتیی نووســـەرانی کورد ـ لقی هەولێر مان وەك
لقەکانی تری یەکێتی ، لەسەرەتای دامەزراندنیەوە تا ئیمرۆ
هەردەم لە رێگای کۆڕی ئەدەبیەوە بایەخی داوە بە بیرەوەری
شــاعیرو زاناو نووسەرانی کوردا ، بەتایبـــەتی ئەدیبە
هەلکەوتووەکانی مەڵبەندی هەولێر ، وەك ( حاجی قادری
کۆیی‌و صافی‌و کانی‌و مەلای گەورەو دڵدار ... ) و کۆڕی
ناوخۆلی‌و تەلەفزیۆنی بۆ سازکردوون .

لقی یەکێتیمان وەنەبێ هەر گرنگی بدات بەزاناو شاعیرو
نووسەرە کۆچ کردووکان ، بەلکوو وا ئەمجارە کۆڕێکی تایبەتی
بە ژیانو شیعرو شــاعیریەتی کاك ( بورهان دوغرەمەچی
« جاهید » ) بەستووەو گفت‌وگۆیەکی فراوانی لەگەڵیا
کردووەو زۆر لەسەربردە خۆشەکانی خۆی بۆ گێراینەوەو
بەشدارانی کۆڕەکە تامیان لە شیعرو قسە خۆشەکانیەوە وەرگرت‌و
لەسەر ئارەزووی ئەوان ، دەستەی بەرێوەبەر وای بە پەسەند
زانی کە ئەم گفت‌وگۆیەی لە چاپ بدەین‌و لە دوا رۆژێکی
نزیك‌دا بیخەینە بەردەستی خوێنەرە بەرێزەکان .

لەکۆتاییدا پێتان رادەگەیێنین کە یەکێتیی نووسەرانی کورد
ـ لقی هەولێر هەرگیز لە چالاکی خۆی دواناکەوێ‌و لە کاروانی

پێشکەوتن‌دا رووەو نیشانگەو ئامانجی پیرۆزی خۆی ئەڕوا بەرێوە کە ئەویش خزمەتی زمان‌و ئەدەبی کوردی‌یەو ئەم ئەرکەش کەوتووەتە سەرشانی هەموو شاعیرو نووسەرو روشنبیریکی دلسۆزی کورد .



## بورهان جاهید
## لە چەند دێرێکدا

• « جاهید » ناوی بورهان کوری حاجی محمـــدی ( دوغرەمەچی ) یە .

• لە سالی ١٩١٨ لە شاری هەولێردا لە دایك بووە .

• خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی یەکەمی هەولێر دەستە پێ کردووەو پلەی خوێنـــدنی گەیشتووەتە پۆلی دووی ناوەندی .

• لە سالی ١٩٣٤ دا لەبەر دەست کورتی دەستی لە خوێندن هەلگرتووە .

• لە سالی ١٩٣٧ دا بووە بە سەرباز تاکو سالی ١٩٤٠ .

• بۆ ماوەیێك لە شارەکانی کەرکووك‌و سلێمانی‌و کۆیە و رەواندزدا ژیاوە .

• ئیستا لە دائیرەی ئەشغالی هەولێردا مووچەخۆرە .

# گفت وگۆیەکی ئەدەبی
# لەگەڵ بورهان جاهید لە کۆڕێکی فراواندا

لقی یەکێتیی نووسەرانی کوردمان لە هەولێردا لە ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەممەی ڕێکەوتی ٢٢/٣/١٩٧٣ و لە هۆلی بارەگای یەکێتیی مامۆستایانی کوردستانی عێراق — لقی هەولێر ، کۆڕێکی ئەدەبی فراوانی سازکردو ژمارەیەکی زۆر لە کاربەدەستو سەرۆکو ئەندامانی ڕێکخراوە کوردستانییەکانی پارێزگای هەولێر و ئەدەب دۆستان ئامادەبوونو لە سەعات چواری ئێوارەدا ، برایان بورهان جاهیدو کەریم شارەزاو ئەحمەد شەریف بەسەر شانۆی هۆڵەکە کەوتنو پێشەکی : کاك کەریم شارەزا ، جێگری سەرۆکی لقی یەکێتیمان بە ووتارێکی سەرپێیی کۆڕەکەی کردەوەو بەخێرهاتنی بەشداربووانی کردو پیرۆزبایی دەستەی بەڕێوەبەری پێشکەش کردن بەبۆنەی جەژنەکانی ئادارو نەورۆزی پیرۆزەوەو داوایلێبوردنی لێ کردن بەرامبەر بەدواکەوتنی لقی یەکێتی لە گێڕانی ئاهەنگو میهرەجانی ئەدەبی لێوەشاوە بەم دوو بۆنە پیرۆزەوەو گوتی : هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کزی باری دارایی لقی یەکێتیمان ، بەتایبەتی کە لەم دواییەدا ئەرکی دارایی و ئەدەبی گێرانی میهرەجانێکی گەورەی بەبۆنەی ڕۆژی نووسەری کورد گرتە ئەستۆ.. ئەمە لەلایێك و لەلایێکی تریشەوە ڕێکخراوە رامیارییەکان بەو ئەرکە پیرۆزە هەستانو بۆ هەردوو

جەژن ئاهەنگی گەورەو قەشـەنـگیان گێراو ئێمەو هەومو ڕێـکخراوە کوردستانیەکانو جەماوەری میللەت لە پارێزگای هەولێردا بەشـداری‌مان لەگەڵداکردنو چ کەلێنێکی دیاریان نەهێشتەوە تا ئێمە پڕی بکەینەوە .

وە لە کۆتایی‌دا دەری‌بڕی کە ئەم کۆڕە ئەدەبی‌یەی ئەمڕۆ بەشداری تێدادەکەین لەسەر پێشنیازی ئەندامی یەکێتی‌مان کاك ( پیربال محمود ) بوو ، وە کاك ( جاهید ) وای بە پەسەند زانی کە کۆڕەکەی بە شێوەی گفت‌وگۆکردن بێ لەگەڵیا هەروەکوو پێشکەشی دەکەین .

ئینجا برایان ( بورهان جاهیدو ئەحمەد شەریف ) ی پێشکەش بە بەشدارانی کۆڕەکە کرد بۆ دەست‌پێ‌کردنی گفت‌وگۆکەیان .

کاك ئەحمەد شەریف سکرتێری ڕۆشنبیری گفت‌وگۆکەی لەگەڵ شـاعیری کلاسیکی کاك ( جاهید ) دا بەم ووتارە سەرپێ‌یە دەست‌پێ‌کرد : —

---

## ووتاری سکرتێری ڕوشنبیری

---

خوشك‌و برایانی بەرێز :

یەکێك لە ئامانجەکانی یەکێتی‌ی نووسەرانی کورد ئەوەیە یادی شاعیرو نووسەرە کۆچ‌کردووەکان بکاتەوەو لە بەرهەمی زیندووەکانیش بکۆڵێتەوەو هەڵی‌بسەنـگێنێ .

تا ئێستا یەکێتیی نووسەرانی کورد ـ لقی هەولێر دەیان کۆڕی ئەدەبی ناوخۆیی‌و تەلەفزیۆنی پێشکەش کردوونو لە بەرهەمی ئەدیبانی کۆڵیوەتەوە ... رەنگە هەندێکیان جێی رەزامەندنی بووبێت‌و هەندێکیشیان کەم‌و کورتی‌و ناتەواوی‌یان بووبێ .

کۆڕی ئەمجارەمان کۆڕێکی تایبەتی‌یەو تەرخان کراوە بۆ گفت‌وگۆو لێ کۆڵینەوە لە بەسەرهات‌و رێچکەی ئەدەبی‌و شیعرە بەزمە ساتەکانی شاعیرێکی قەڵەندەرو ناسراوی هەولێر مامۆستا ( بورهان جاهید )

ئەوەی راستی بێ لە بواری ئەدەبا ئەگەر ناوی هەولێر بێت رەنگە پێش هەموو کەسێك وێنەی ( بورهان جاهید ) مان بێتە بەرچاو ، لەگەڵ کارەساتی ژیانی کە قۆچی قوربانی کۆمەڵی چینایەتی بووەو سەرتاپای ژیانی هەژاری‌و دەربەدەری‌و مەستی‌و بێ‌ئارامی بووەو ئەوین‌و عشقی مەی‌و مەیخانە بەجۆرێ کاریان‌تێ کردووەو شیرازەی ژیانیان گۆڕیوە ... وە لە وێنەی ئەم شاعیرەمان کە شەیدای مەی‌و مەیخانە بووە ، پێنۆل‌و زانای بەناوبانگی فارس ( عومەر خەیام ) و شاعیری شۆڕشگێڕی نەتەوەی کورد ( فایق بێ‌کەس ) بەدی‌ئەکرێت .

عومەر خەیام لە یەکێك لە چوارینەکانی‌دا کە سەلام کردوویە بە کوردی دەڵێت :ـ

ئەڵێن لە بەهەشت حۆریو کەوسەرە
جۆگەی شەرابو شیرو شەککەرە
جامێ شەرابم بۆ تێکە ساقی
حازر بێ ، کەم بێ ، لە قەرز چاکترە

هەرووەها شاعیری مەیدانی کوردایەتی ( فایق بێکەس ) لەم بارەیەوە دەڵێ : –

ساقی ئۆباڵی منت بە ئەستۆ
دنیایە وەسیەت ئەکەم لەلای تۆ
کە مردم توخوا هەر بە مەی بمشۆ
بۆم مەکەن شینو گریانو رۆرۆ

کەوا بوو ( بورهان جاهید ) یەکەم شاعیر نییە عەودالی مەیو مەستی بووبێ ... بەڵام رەنگە کەم کەس بووبێت وەکوو ئەم توانی بێتی دوای ئەم تەمەنە درێژە کۆڕی عەرەق خواردنەوەی چوڵکردبێو گەڕابێتەوە ، سەر رێی ژیانی ئارامو ئۆقرەو ئاسایی .

بەلای ئێمەوە بزووتنەوەی ئەدەبی لە شارەکەماندا جیگایێکی تایبەتیو لاپەرەیێکی رووناکی بۆ شاعیری هەولێری بورهان جاهید تەرخانکردووە ، چونکە لەکاتێکدا کە لە هەولێر وەبەتایبەتی لەناو قەڵاتدا هەستی کوردایەتی زۆرکزبووە کەچی ئەو شیعرەکانی هەر بەزمانی شیرینی کوردی هۆنیوەتەوە .

بۆیە لقی یەکێتیمان بە پەسەندی زانی کە گفتوگۆیەك

لەگەڵ مامۆستا بورهان جاهیدا سازبکات‌و چەند پرسیارێکی ئاراستە بکات تا تیشکی رووناکی بخاتە سەر هەندێ لایەنی ژیانی ئەو شاعیرە دڵسۆزەی شارە خۆشەویستەکەمان‌و لە زمانی خۆیەوە یادگارو بەسەرهاتەکانی ببیەن‌و دوای تەواوبوونی گفتوگۆیەکە هەر پرسیارو رەخنەو پێشنیازێکتان هەبێ ئەوا لەسەر پارچە کاغەزێك بۆمان بنووسن تا بە سوپاسەوە وەلامتان بدەینەوە .

بەلام خۆ ئەگەر روون کردنەوەو دەمەتەقێ هەبوو ئەوا دەتوانن بفەرموون بۆ سەرشانۆ و ئەوەی بە خەیالتاندا دێت دەری‌ببڕن .. چونکە یەکێتی‌ی نووسەرانی کورد خزمەتگوزاری کۆمەلانی خەلقی کوردستانە و لەژێر چاوەدێری میللەت دایەو هەموو کەس مافی ئەوەی هەیە کە ئامۆژگاری بکاو رەخنەی لێ‌بگرێت .... بەمەرجێك بەرژەوەندی گشتی نەتەوەی کوردو رازەی ئەدەبی کوردی تێدا رەچاو بکرێت .

ئێمە لەو باوەڕەداین کە ئەو خەڵکانەی دێنە کۆڕە ئەدەبیەکانمان زۆر بەیان شارەزاییان لە باردی ئەدەب‌و رۆشنبیری کوردی‌یەوە هەیەو وەکو ئێمە دڵسۆزی پێشکەوتن‌و گەشەکردن‌و رسکانی ئەدەبی کوردین ... تەنیا تکامان ئەوەیە گوێ لە یەکتری بگرین‌و ماوەی یەکتری بدەین لەکاتی مناقەشەکردندا .

ئیتر با ئەم پرسیارانەمان ئاراستەی کاك بورهان جاهید بکەین‌و چاوەڕوانی وەڵامین لێ ی ..

---

پ ١ : کاك جاهید ژیانی شیعریت چۆن دەستی پێ کردووە ؟

کاك جاهید لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا گوتی : — « من لە تەمەنی پانزە شانزە ساڵی‌دا بووم کە ئارەزووی شیعردانانم کردووەو هەست‌و سۆزی ئەدەبیم بووەو هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەم شتانەی خوارەوە : —

خۆم لە بنەماڵەیێکی ئەدەب‌دۆست‌و شیعرپەروەر گەورە بووم‌و دوو مامم شاعیربوون یەکەم خوالێخۆش‌بوو جەباراغای دۆغرەمەچی ناودار بە ( کانی ) و دووەمیان مامە توفیق ئاغای دۆعزەمەچیم .

وە هەروەها لە بنەماڵەی خالوانەکانیشم کە نەقشبەندین گەلێ شاعیریان لێ‌هەڵکەوتووەو بە حوکمی خزمایەتی تێکەڵاویم لەگەڵیاندا بووەو سوودم لە شاعیریەتیان وەرگرتووە .

ئیتر لەوساوە دەستم‌کردووە بە شیعردانان‌و لەبەر هەندێ بەسەرهات‌و باری ژیانی تایبەتی خۆم لە ساڵی ١٩٣٤ دا دەستم لە خۆێندن هەڵگرت‌و هەموو خووێکم دایە شیعر هۆنینەوە »

* * *

پ٢ : تکایە یەکەم هەڵبەستی شیعریت چی‌بووە ؟ بۆمان بخوێنەوە لەگەڵ سوپاسماندا .

– کاك جاهید دیوانە چاپ کراوەکەی خۆی هێنــایەدەرو گوتی ئەم هەڵبەستەم یەکەم محاوەلەی شیعریم بووە وا بۆتان ئەخوێنمەوە :

لە بۆ دەفعی غەمی دنیا
لە دەستم بادە بوو پەیدا
عەقل فەوتا جگەر سووتا
بە جارێ کەوتمە سەحرا
غەمم یەك بوو هەزاری کرد
دەخیلی گوڵعوزاری کرد
خەریکی ئاهو زاری کرد ،
بەشەو تا رۆژ ئەبێ بیلا !
ئەما چارم کە بیمارم
بە دڵ لەم گیانە بێزارم
لە هیجرانا چبێ چارم
بە تیرێ بمکوژی لەیلا !
فەلەك سووتا لە ئاهی من
مەلەك گریا لە راهی من
عەجەب بەختی سیاهی من
نەبوو جارێ لە خەو ئاگا !

به حالی ( جاهید ) ی مەعسووم
ئەگەر رەحمێ نەکەن مەعلووم
حسابی من چ بێ مەفهووم ،
ئەپرسن لێم لە مەحشەردا

پ ٣ : مامۆستا جاهید شیعری کام شاعیری کوردت لاپەسەندەو کاری تێ کردوویی ؟

جاهید : شیعری ئەم شاعیرە کوردانەم لاپەسـەندەو کاریان تێ کردووم و وابەپێی زنجیرەی سەردەم و بەیەك گەیشتنمان بۆتان دەردەبڕم :

ـ جەبار آغای دوعزەمەچی مامم ( کانی ) :

لە سەرەتای شاعیریەتیمدا ( کانی ) کاری تێ کردووم چونکە شیعرەکانیم زۆر لە لاخۆش بوون و بۆ نموونە شیعریکیم کردووە بەپێنج خشتەکی و شیعرەکەش ئەمەیە :

ساقی وەرە ئیمشۆکە لە بۆم تێکە پیالە
بۆ مەزە لە رووت کافیە ئەم دانەیی خالە

منیش بەم جۆرەی خوارەوە کردوومە بەپێنج خشتەکی :

بڕوا دەمی عجزو ئەلەم و حەسرەت و نالە
رەنگێ رەنگە لە باغانە گول و سومبول و لالە
زایع نەبێ ئەم وەختە کە ئەییامی ویسالە
ساقی وەرە ئیمشۆکە لە بۆم تێکە پیالە ،
بۆ مەزەلە رووت کافیە ئەم دانەیی خالە !

جانانه لەناو مەجلسە ساقیمە ئەلێ من
بەشکو کە دەبێ دەفعی فیغانو مەلەلێ من
مەستانە ئەلێم پێم بدە تێنوومە گەلێ من
هەرچەند بەشەرع بادە حەرامیشە وەلێ من
بێ تەقیە ئەخۆم حۆری لە دەستی تۆ حەلالە !!

بۆ تیری موژەت دایمە دڵ ناگرێ تاقەت
هەر وەختێ تکلم کە لە بۆ من بووە عادەت
گێراوە دەمم ناسوری لەم وەختەدا ئالەت
مەعلوومە کە ئەم حاڵەتە بێ سرِ نیە ئافەت
چاوم ئەگەر ئەتبینێ زوبانم وەکو لاڵە

گوفتێ بدە من خاڵی یە لەم جلسە ئەغیار
ماچی لەبت ئەو شەرتە لە وەعدی نەکەی ئینکار
مەغروور مەبە بەم ئاڵە لەسەر کولمتە ئەی یار
خوێنی دلمە عەکسی لە رووت کردوە ئیزهار
چاوت ئەگەر ئینکاری نەکا شاهیدی حاڵە !

هەر کەس کە لەناو عەشقە بەخوا توشی جەفایە
عاشق نی یە یەك لەحزە بکا بەزمو سەفایە
( جاهید ) ئەسەری عەشقە مەگەر حاڵی نەمایە
( کانی ) بەسە ئیتر چی یە ئەم عەشقو هەوایە ،
پیر بووی بەخوا عەمری عەزیزت لە زەواڵە !!

پ ٤ : باشە جگە لە ( کانی ) و شاعیرانی تری هەولێر ،

پەیوەندیت لەگەڵ کام شـاعیری تری کورد بووەو لەکوێو چۆن بووە ؟ جاهید :

لەو کاتەی کە جەباراغای مامم ( کانی ) گۆیزرابووەوە بۆ کۆیە و فەرمانبـەری دائرەی ( نفووس ) بوو ، منیش ماوەیێك چووم بۆئەوێو لەگەڵیا ژیامو لە ئەجوومەنی تایبەتی مامم و دۆستەکانی بە شاعیری لاهووتی کورد خوالێخۆش بوو ( مەلا محمودی بێخود ) گەیشتم کە ئەوکاتە ئەویش لە کۆیە دانیشتو پەیوەندی ئەدەبیم لەگەڵدا پەیداکردو زوو زوو یەکترمان ئەدیت ، زۆرجار پرسیاری ئەدەبی وورد ووردی لێدەکردمو توانای ئەدەبی پێ تاقی دەکردمەوە . جارێکیان ئەم تاکە شیعرەی میر شـوعەرای تورکمان خوالێ خۆش بوو ( فضولی ) بۆ هێنامەوە کە دەلێ :

اویلە سەرمەستەم کە ادراك ایتمەزەم دنیا نەدر
بەن کیمەم ساقیم اولان کیم مەی نەدر سەهبا نەدر

وە داوای لێ کردم کە بە شیعر وەری گێرمە سـەر زمانی کوردی منیش دوای ئەوەی کە ئەم تاکەیم وەرگێرایە سەر کوردی هەشت بەیتی‌ترم لە خۆمەوە هاویشتە سەرو بوو بە هۆنراوەیێکی کوردی وا ئەی‌خەینە بەردەستتان .

هێندە سەرمەستم چ هۆشێکم نەما دنیا چی‌یە
من چمەو ساقی چی‌یە ، هەم بادەو سەهبا چی‌یە
من بە سەودایی سەرم سەد موشـکلی دڵ حەلدەکەم

عەقڵو هۆشم گەر لە ڕێی سەودایی‌سەر بڕوا چی‌یە ؟
کانێ من بۆ ڕوتبەیی باڵا لە دنیا هەوڵ ئەدەم
من دلێری عاشقانم ڕوتبەیی باڵا چێیە ؟ !
بولبولو پەروانە کوانێ عاشقی لالەو گوڵن
من کە عاشق بوومو ئیتر ئاهو واوەیلا چی‌یە ؟
من ئەسیری کافرێکم نەك وەکو فەرهادو قەیس
بۆ جەفاوو دەردو ئەزیەت شیرنو لەیلا چی‌یە ؟
من چ سەرماییم نەدی عەشقم بەگەرمی کاری‌کرد
وا لە گڵپەی عەشق ئەپرسم پێم بڵێ سەرما چی‌یە ؟
سەد هەزار نامەم بەڕێ کرد عاشقم سەر لەوحەکەی
تازە کافر لێم‌دەپرسێ عاشقی مەعنا چی‌یە ؟ !
گەر نەزانی حاڵی من پێم‌خۆشە ڕەحمم پێ‌نەکا
خۆی لە من چاتر ئەزانێ حاڵەتی سەودا چی‌یە ؟
یار کە ئەمری کرد بە شمشێری بڕۆی قەتلم بکا
پێ‌ی بڵێن : ( جاهید ) ئەڵێ سووچی منی ڕیسوا چی‌یە ؟

کە ئەم هەڵبەستەم دانا بردمەوە لای خوالێ‌خۆش بوو « بێخود » کە بۆم خوێندەوە زۆری لاپەسەندبووو گەلێ هانی‌دام بۆ بەردەوام بوونم لەسەر دانانی شیعرمو ئەم ئامۆژگاریی‌و هاندانەی ئەو کارێکی تەواویان کردە سەر شاعیریەتم .

پ ٥ : کاك جاهید بیستوومانە پەیوەندی شیعریشت لەگەڵ

خۆالیخۆش‌بوو ( صافی ) دا بووە ، تکایە ئەمەمان بۆ روون بکەنەوە ؟

– جاهید گوتی :

چەند سالێك بەر لە کۆچی دوایی شاعیری نەمری کورد ، « صــافی ) چووم بۆ هێران بۆ دیدەنی‌و ماوەیێك لەلای مامەوەو زۆر رێزی لێ‌ئەنام‌و لە شیعرو ئەدەبیات و کاروباری دنیایی‌و رۆژی دوایی‌یەوە ئەدواین .

رۆژێکیان لێی‌پرسیم‌و گوتی : جاهید تۆ چ لە خوای خۆت دەخوازی تا پێت ببەخشێ ؟

منیش لە وەلامــدا گوتم : « من زەکاتی بەهەشت لە خوای خۆم دەخوازم ! »

– صافی گوتی : « چۆن ؟ »

منیش بەم سێ چوارینە وەلامم‌دایەوەو گوتم :

( یا اله العالمین ) و خالیقی کەون‌و مەکان ،
چۆن بکەم مەدح‌و صیفاتت چۆن بسوورێنم زمان
هەرچی من بیلێم یەکەم خۆتی موحەرریك بی‌گومان
دەستەلاتی من چی‌یە عەبدێکی رووزەردی جیهان
کون دەلێی ئیجرا دەبێ حالا ئیرادەت دێتە جێ
ژێری ئەمری تۆنە مەعلووم جوملە مەخلوق نێرو مێ
حیکمەتی ( الله أکبر ) حەل‌دەبێ آخۆ بەکێ
گشتی هــەر مەسکەن حیسابە قەسرو قەبرو ئاشیان

جاهیدی عەبدت دەخالەت هاتووە بێدەستەڵات
نابێ مەحرووومی بکەی ئیزنی بدەی پێ بێ خەڵات
لەم هەموو قەسرو جینانو خولدە دەرناچێ زەکات ؟
ئێمە عەبدی رووسیاهین ( الامانو سەد أمان )

کە لە خوێندنەوەی شیعرەکانم بوومەوە ، خوا لێخۆش بوو ( صافی ) فەرمووی : « بەخوا ئەتداتێو نائومێد مەبە ! ! » وە وەصیەت بکە بۆ ئەوەی پاش مردنت ئەم سێ چوارینەت بۆ لەسەر کێلی گۆڕەکەت هەڵکەنن .

پ ٦ : زۆر سوپاس کاك جاهید ، بەڵام شتێکی تر ماوە ئەوەیش ئەوەیە کە دەڵێن ئێوە پەیوەندیشتان لەگەڵ ( شیخ نجم‌الدینی شاعیری مەلبەندی کەرکووك ) و ناودار بە ( صابری ) بووە تکایە ئەمەیشمان بۆ روون بکەنەوە .
لەوەڵامدا کاکە جاهید گوتی :

– من پەیوەندی راستەوخۆم لەگەڵ شیخ عبدالرحمانی کوڕی شیخ نجم‌الدینی ( صابری ) دا هەیە کە ئیستا لە ژیان دا ماوە و لە دێی شوریجەیە لە پاریزیگای کەرکووکدا ، لە رێگای ئەوەوە بە ئەدەبو شیعرەکانی خوالێخۆش بوو ( صابری ) گەیشتووم و زوربەیانیم لەبەرکردووەو هەندیکیشم کردووە بە پێنج‌خشتەکی و چەند شیعرێکیشم لە ستایشی ئەو شاعیرە ناودارە ووتوە ، وە زۆر خەریك بووم بە ریك‌وپێك خستنی ئەو دیوانەی صابری کە لەم ساڵانەی دوایی‌یەدا

چاپ کراوه .

پ ٧ : تکایە پەیوەندی شیعریتان چی بووە لەگەڵ شـــاعیری جوانەمەرگ ( یونس رەئووف دڵدار ) و کەیو لە کوێ ئەو پەیوەندییەتان پەیدا کردووە ؟

جاهید : لە رانیە بەهۆی خوا لێخۆشبوو ( ســـەعدی مەلا رەئووفی خادم سجادەی براگەورەی ( یونس دڵدار ) بە دلدار گەیشتمو شەوێك گوتمان با نامەیێك بۆ جبار آغای ( كانی ) مامم بنووســـینو منو دلداریش بەیەکەوە ئەم هەڵبەستەمان بۆ نووسیو بۆمان نارده هەولێر ، ئەو کات تازە لە رەوانـــدزەوە گوێزرابووەوە بۆ هـــەولێر. وە ئەمەش هەڵبەستەکەیە کە لە ساڵی ١٩٤٠ دا دامان ناوە : —

ئەنفیەت ( كانی ) دەڵێن مسكو گوڵاوی تێکەڵە
دارعەکازیشت لە دارســـتانی گوندی هەرتەلە
باش ئەکەی تەقلیدی لەنجەی قازی شابازە شەلە
مەیلی ئەشعارت وەکوو جارانە ئاخۆ ئەم حەلە ؟ !
بیستبووم صاحێب زەوق بووی سوحبەتت خوشو بەتام
مەجلیست دایم بەمەی ئەرشاند شەوو روژ بالدوام
خۆش قسەو خۆش خووو خۆش روو موزحكو شیرن كە لام
وایە ئیستاکە ئەڵێن وابووی بە صوفی دەرگەلە ؟ !
جا لەمەو لا با رەواندز قوڕ ببیون ســـەرتا سەر
کانیێکی دوڕو گەوهەر وا لە نێوی هـــاتە دەر

شاری هەولێرت مونیر کرد ئەی شەبوستانی هونەر
( آغه گەلدی چاغرن ( عەیشۆکی ) وێرسن هەلهەله ).
جا لەمەو لا هەر کە شەو دێ پاشی تەسبیحو سەلات.
دەست ئەکەیتە داستانی قەیسو لەیلاو و عەسات.
وا دەزانی چـاوەدێرن مەجلسی پاشـا لە رات.
ووشکە رۆیینت نەماوە ئیستە بوویتە هەروەلە.
( ایشیدن جانم دەلێ ی ) من بعدی قاوەك فردەکەی.
عەینەکە نایەبەکەت ئینجا لەناو کیف دەر ئەخەی .
( دون کیجەن بزنیردە قالدق ) پێت دەلێن دەستپێ دەکەی.
جا لە بەحری ووشکی فیکرت دەس ئەکەیتە پێ مەلە.
قوڕ بەسەر مەجنون چ هەتکێکت بەلەیلا کردووە.
قوڕ بەسەر لەیلا کە قەیست سووکو ریسوا کردوە
قوڕ بەسـەرمە تاکو ئیستا شـاعیریت وا کردووە !!
تا فضولی سـویلیور آغا نەدر بوو مەهزەلە ؟ !!
( سەن دەخی آغا بزی بر بویله مەدحایت شاعیری ).
شیعری چی دیوانی چی هەی کۆنە صوفی قادری.
کۆنە دەروێشـی ئەزانین تەقلەبازو ماعـیری
شمدیلك بەسدر ئەفەندم یوقسە چوق قالمش هەله
پ ۸ : ( کاك جاهید پەیوەندی ئەدەبیت لەگەڵ کام شاعیری
زیندووی کورد بووەو هەیە بۆمان باس بکە ؟ !
– کاك جاهید لەوەڵامدا گوتی : –

لەو شـــاعیرانەی کە لە ژیاندا ماون‌و پەیوەندی ئەدەبیم لەگەڵیانە ئەمانەی خوارەوەن : —

( ئەحمەد دلزار ) و ( مدحت بێخەو ) و ( مەسعوود بێبەش ) و (جلال مدحت خوشاو)لە ساڵی ١٩٤٠ دا لەوکاتەی کە لەگەڵ مامم لە کۆیە بووم پەیوەندیم لەگەڵ شاعیری نیشتمان‌پەروەر ( دلزار ) پەیدا کرد ئەوکات ئەو تازە دەستی لە شیعر ئەداو هەڵبەستێکی ئەوم کرد بە پێنج‌خشتەکی بەڵام داخی گرانم ئێستا نەماوە تا پێشکەشتانی بکەم

وە لە شەقلاوە لە ساڵی ١٩٥٦ دا پەیوەندی ئەدەبیم لە گەڵ شاعیری لاو کاك ( بێخەو ) پەیدا کردو جارێکیان هەڵبەستێکمان بەیەکەوە دانا .

وە من شیعرەکانی شاعیری ئەندازیار کاك ( جلال مدحت خۆشناو ) م لاخۆش‌و پەسەندە ، هەرچەندە لە سەر کێش‌و شێوەی نوێش‌بێ — کە من زۆر دۆستایەتیم لەگەڵ ئەو جۆرە شیعرانە نی‌یە — بەڵام ماناو هەســـت‌و ئەندیشـــە جوانەکانی هەست‌و سۆزم دەبزوێنن ! !

لێرەدا کاك ( بێخەو ) داوای قسەکردنی کردو ماوەی دراو هاتەسەر شانۆو باسی پەیوەندی خۆی لەگەڵ کاك جاهیدا کردو ئەوەی روون‌کردەوە کە دەمێکە پەیوەندی دۆستایەتی‌و ئەدەبی‌یان هەیە دەگەرێتەوە بۆ ســـاڵی ١٩٥٣ لە شارەکانی کەرکووك‌و دیبەگەو شەقلاوەدا . لە هاوینی ساڵی ١٩٥٦ لە

شـــەقلاوە بەیەك گەیشتینەوەو لە دانیشتنێكدا هەڵبەستێـكی ٢٩ بەیتیمان بەیەكەوە داناو لە ژمارە ( ٧٢ ) ی رۆژی ١٠ / ٩ / ١٩٥٦ ی گۆڤاری هەتاودا بڵاوكرایەوە وا لێرەدا چەند تاكێـكتان بەنموونە بۆ ئەخەینە روو : —

پێكەوە دیسان بنووسین باسی ژینی دەردەدار
جا برا مەعلوومە ئێمەش هەر ئەچین بۆ نێو مەزار
هێڵی راست بێ ئێش‌و ئەزیەت تا هەتا ناچێنە سەر
گەر نەكا كۆمەڵ لەگەڵ یەك ئیتیحادو ئیفتخار !
خاكی كوردی زێرو زیوە گەر بزانین قیمەتی
ســـەروەتی ئەم خاكە ئیللا غەیرەیە ئەیكا ژمار
ئێمە داماوین لە تاوی كوشتن‌و پیسی و دزی
ئاخ لە لاوانی كوردی تەمبەڵ‌و بێ‌ئیعتیار
بێ‌گومان بە لاوی ژیرم دەردی دڵ چارەی هەیە
تەركی بادەو مەی‌فرۆشی‌و سوحبەت‌و بەزمی قومار
حەققی خۆت هەر خۆت بسێنە گەر ئەتو ساحب حەقی
فەرموو بۆچی رائەوەستی بۆ چ ئەدەی رەسم‌و ئیجار
تۆپ‌و تەییارەی ئەجانب عالەمی داگرتووە
تۆش لە بۆ من هەر خەریكی حای‌و حوی‌و سێ‌و چوار
كاكە ( جاهید ) خەم مەخۆ زامی دڵت تیمار كرا .
چونـكە من هەر ( بێ‌خەو ) م خەو نێتی هیچ دەرمان‌و چار

پ ٩ : كاك جاهید تا چ رادەیێك دۆستایەتیتان لەگەڵ شیعری

نیشـــتمانیدا هەیەو تکایە چ نموونەیێك لەم بابەتەوە پێشکەش بە بەشداربووانی کۆڕەکە بکەن ؟ !

— جاهید : من ئەگەرچی زوربەی شیعرەکانم لە بابەتی دڵداریو وەصفو تصوفەوە ئەدوێ ، بەڵام هەرگیز بابەتی نیشتمانیو نەتەوەییشـــم فەرامۆش نەکردووە ، هەروەك لەم هۆنراوەیەمدا ئەوەتان بۆ روون دەبێتەوە : —

هەتاکەی ئاوو خاکی تۆ نەسیبی خوێنمژی خۆت بێ
هەتاکەی دووری یار ئەغیار لەگەڵ تا هەم دەمو جۆت بێ
هەتاکەی بەم خەیاڵاتە شەوو رۆژ ئاهو رۆرۆت بێ
هەتاکەی دەستو پاوو گەردەنت بەسراوەیی کۆت بێ
هەتاکەی نایەڵی ئەم جەنتە بێ ئاگرو سۆت بێ ؟
هەتاکەی چاوی غەیرە هەر لە نانو لەزەتی دۆت بێ
بەخێری ئێوە غەیرە بوو بە خاوەن تۆپو تەییارە
هەتیوو بێوەژنتان بۆ سووال لەم شارو ئەم شارە
فیکرکەن بێکەسینە بەس نەبێ ئەم کارو ئینکارە !
بەسەرتان وەرگەڕێ یاخوا بەسە ئەم بەیعو بازارە
هەتاکەی نایەڵی ئەم جەنتە بێئاگرو سۆت بێ
هەتاکەی چاوی غەیرە هەر لە نانو لەزەتی دۆت بێ ؟
بە چاوساغو بەسەر ساغو بەدەس ساغو بەبێ ســاغی
لەناو ئـــەم نیشتمانەی خۆت لەناو گوڵزارو نــاو باغی
لەبۆ قرتاندنی گوڵ پێم بڵێ بۆ قەیدو یاســاغی

دزو جەردە ئەحوبێنن لە بۆی باڵن و یاتاغی
هەتاکەی نایەڵی ئەم جەنتە بێ ئاگرو سۆت بێ
هەتاکەی چاوی غەیرە هەر لە نان و لەزەتی دۆت بێ
وەتەن مەعنای بزانی بێ وەتەن نابی لە ژینی خۆت
بە یەك دوو مەرحەبای گەورە تەرك ناکەی سەربی خۆت
هەوەس ناتباتە بەزمی ئەو بەجێ نایێلی شینی خۆت
بەسە تیماری بێگانە تیمارکە تو برینی خۆت
هەتاکەی نایەڵی ئەم جەنتە بێ ئاگرو سۆت بێ
هەتاکەی چاوی غەیرە هەر لە نان و لەزەتی دۆت بێ
لە کام بێگانە سەندت تۆ ئەدەب غەیری قسەو پارە
لە کامە ئەجنەبی سەندت لە بۆ دەردت دەواو چارە
هەتا ئیمرۆ بزانە چیت بەسەر هات چیت دی لەم کارە
وەرە رێگەی سەلامەت بەسیەتی ئەم شەرم و ئەم عارە
هەتاکەی نایەڵی ئەم جەننەتە بێ ئاگرو سۆت بێ
هەتاکەی چاوی غەیرە هەر لە نان و لەزەتی دۆت بێ
گوڵی خۆت لێ نەکا باییکی تر ، خۆت بۆنیکە چاکە
هەتاکەی غەیرە غەسبی کات لە دەستت عەردی وا پاکە
بەسە غەیرە بکێڵێت و بچینی ئەم زەوی و خاکە
ئەسەف ئەم کوردە هەردەم وا غرووروو مەست و بێ باکە
هەتاکەی نایەڵی ئەم جەننەتە بێ ئاگرو سۆت بێ
هەتاکەی چاوی غەیرە هەر لە نان و لەزەتی دۆت بێ

برایێـکین برایینـه هەموو یەك دین‌و ئایینین
ئەگەر یەکتر بحوبێنین لە پێش چاو خۆش‌و شیرینین
بەسـه ئەم هەندە موحتاجی خەراباتی رق‌و کینین
هـەموومان چـاوەنۆڕی رۆژەکین ناوێ بەجی‌بێلین
هەتاکەی نایەلی ئەم جەننەتە بێ‌ئاگرو سـوت بێ
هەتاکەی چاوی غەیرە هەر لەنان‌و لەزەتی دۆت بی

پ ١٠ : ئایا چ هەلبەستێکت بە بۆنەی نەورۆزەوە داناوە و کەی‌بووەو تکایە چەند شیعریکمان پیشکەش بکە ؟

– لە وەلامدا کاك جاهید گوتی : بەلێ بەبۆنەی جەژنی نەورۆزی سالی ١٩٥٤ ئەم هەلبەستەم داناوە وا لە خوارەوە چەند نموونەییکی لێ‌پیشکەش دەکەین .

جەژنی نەورۆزە شـادی‌و سـرووره
عالەم سـەراپا غەریقی نووره !
بۆچی ئەی کوردی هەژاری بێ‌کەس
هەردەم ئەخەوی لە بەندو قەفەس
ئەم جەژنە جەژنی کوردو شادی‌یە
جەژنی سـەربەستی‌و رێی ئازادی‌یە
کوردە بەسـیەتی جەهل‌و غەفلەتی
ئەم بێ‌هۆشی‌یەت چی‌یە عیللەتی ؟
ئێمە قەومێکین بە غیرەت‌و مەرد ،
جەوهەری خۆمان بەس بدەین لە بەرد !

بەسـیەتی روحم بەسیەتی چـاوم
بەسـیەتی خوێن و جەرگ و هەناوم
. . . . .
بەسـیەتی لاوی ئازاوو شێرم
بەسیەتی بەرخی هەژارو نێرم
بەسیەتی هەسـتە دیمەت بنوێنە
ئەمامی شادی بۆمان بچینە ! !
جاهید لە دڵدا گەلێ غەمگینە ،
ئەگەرچی لە ڕوو بەپێ کەنینە ! !

پ ١١ : ئایا چ هەڵبەستێکت هەیە کـە لە حاڵ و باری ژیانی تایبەتی خۆتەوە بدوێ ؟ تکایە ئەممان بۆ روون بکەنەوە لەگەڵ هێنانەوەی نموونەی شیعریتان .

— لە وەڵامدا کاك جاهید گوتی : « بەڵێ هەندێ شیعری دەروونیم هەیە کە لە باری ژیانی تایبەتی خۆمەوە ئەدوێن وا بۆ نموونە چەند چوارینەکی خۆمتان لەم بارە شیعرەوە پێشکەش دەکەم : —

به شوهرەت جاهید بە ناو بورهانم
داومە دەس فەلەك رشتەی ژیانم
ریگەی چەوت و راست بۆ خۆم نازانم
بۆ کـوێ ئەمباتن لەوێ میوانم
حەز کات بمباتن بۆ سەر منارە
حەز کات بمباتن بۆ ناو مغارە

من لەهەر کوێ بم هەر ئەو بازارە
قانعە نەفسم بە یەك دوو نانم ! !
پوولێکم نەبێ ئەوسا دڵشادم
گەر بووم ، نە بوونی ناچێ لە یادم
دەمێ شاگردم ، دەمێ ئوستادم
ئەسووڕێ بە هەر لاوە سوکانم
عیزەتی نەفسم نادەم بە پارە
کارو کردەوەم زۆر چاك دیارە
جاری مەیخانە بۆم ئینتیزارە .
جارێ لە مزگەوت لەسەر سەرانم
قسەم شیرینە دڵ نارەنجێنن .
لەسەر روو قەترەی حەیا نارژێنن .
داری ئازادی لە ژین ئەروێنن .
شیعرو هەڵبەستو ووتارەکانم ! !
خانەقا نەما نەخەوم لەناو
مەیخانە نەما نەیبینم بەچاو ،
تەجروبە دیدەی زەمانم بەناو ،
دەلیلی کوێرو لێقەوما وانم ! !
خۆم مەدح ناکەم راستی ئەمەیە
لە گوێچکەتان بێ ئەم چەند قسەیە
بەجێتان دێلم بەخوا وەعدەیە
منیش تابعی ئەمرو فەرمانم ! !

لەدوای خوێنـــدنەوەی ئەم هەڵبەســـتەی ئەم پرسیارەی خوارەوەی لێ کرا .

پ ١٢ : مامۆستا جاهید تۆ بە شاعیری بادەو مەیخانە ناسراوی ، تـکایە چەنـــد نموونەییکمان لەو باتە شیعرانەوە بۆ بهێنـــەوە کە لە بادەنۆشیو مەیەوە بدوێ و ئایا ئەم شیعرانەت زادەی کاتی سەرخۆشیتن یا کاتی شینەبی ؟ .

— لە وەڵامدا کاك جاهید گوتی :

زۆربەی ئەو شیعرانەی کە لە مەیو سەرخۆشییەوە ئەدوێن زادەی سەردەمی بادەنۆشیو ئەندیشەی سەرخۆشیمە وەك ئەم شیعرەم :

خەیاڵاتی دڵی تەنـگم لە دنیاما لە یەك پێکە
بفەرموو چاوەکەم ساقی هەتا ئەتوانی بۆم تیـکە

وە دیسانەوە کاك جاهید لەسەر مەینۆشی ئەم هەلبەستەی خوارەوەی پیشکەش بە بەشداربوانی کۆڕەکەمان کرد : —

تێـکە لە بۆ من کەم کەمە شەراب
دڵم حازرە بۆ مەزەو کەباب !
مەڵێن بۆ رەنـگی بادە سوور ئەکا
گەاێ شەرمنە لێم ئەکا حیجاب
من بە یەك دوو قوم تێ ناگەم لەمەی
بە یەك دوو پێـکان تێر نابم جەناب
مەیلی من دایم لە مەی خواردنە
تاکو رەحەت بم لە دەردو عەزاب

دڵی شێواوم ڕۆژی سەد کەڕەت
ئەچێتە بەحری غـەم و اضطراب
لۆمەمان دەکا عالـەمی بێهـۆش
ئاگای لە چی یە لێئەدا ڕەباب
لە ڕۆژی مەحشەر زۆرچاك دەبینین
کامەمان ئەچین بۆ تحت السراب
گەر مەلەك هاتن لێم بکەن سوئال
بەڕاستی و مەستی باش ئەدەم جەواب
کاکە جاهیـدتان زۆر بێ گوناهـە
بێ مەی و بادە نابینرێ حیسـاب

پ ١٣ : تکایە کاك برهـان دوا نموونەی شیعریت چی یە پێشکەشی بەشـدارانی کۆڕەکەمان بکەن لەگـەڵ سوپاسماندا ؟

ـ لە وەڵامدا جاهید گوتی :ـ ئەم هەڵبەسـتەم بەدوا نموونەی شیعرم دائەنێم وا پێشکەشتانی ئەکەم :ـ

چەمەن خەریکە بڕازێتەوە ،
زستان کۆچ بکا ، بەهار بێتەوە
هەڵبەستی تازە جۆش ئەخاتە دڵ
ئەوەی هاتە زار ناگێڕێتـەوە
نێرگز وا بەناز خەریکە دەرچێ
لە باڵای شـاخان بهەژێتەوە !

بنەوشەو لالەو سوسن‌و بەیبوون
بۆ نیان لە باغان بپرژێتەوە !
چۆپی‌و وشایی لەگەڵ کچ‌و کاڵ
شادی‌و ئازادی بچەسپێتەوە
بولبول هێلانەی بەجێ بهێلێ
بێتە ناو چەمەن بچریکێتەوە
لەم چڵ‌وئەو چڵ بەرامبەر گوڵی
بسوورێتەوە و بپارێتەوە !
گیان و دڵی خۆی پێشکەشی بکا
تاجی دڵداری بستێنێتەوە !
سۆزی سەودایی بە دەربخاتن
زاری لە یاری نەشێرێتەوە
زانی یاران‌و رەوشەن بیرانمان
ئەوانیش دڵیان بحەسێتەوە
بەس لەگەڵ مردوو هێندە خەریك بن
لە ژینی زیندووش بپێچرێتەوە
کە حاجی مابوو هەڵات لە وولات
ئیستا ئیسقانی بۆ من دێتەوە
قانع لە برسان بوو بە ئاشەوان
ئیستاکە باسی بۆم ئەکرێتەوە

بێ کەس و بێخود مردن لە داخان
پاش مردن بۆیان دڵ ئەکرێتەوە !
هەر کە مرد ئەوسا سەر لەقوڕ بگرین
بەخوا ئەوەی چوو ناگەڕێتـەوە
زۆر چاك بمناسن شاعیری کوردم
ئەم ناوە بۆ من ئەمێنێتەوە ! !

لەکۆتایی ئەم هەڵبەسـتەی جاهید ، کاك ( فەرهاد شیخ یوسف ) داوای لێ کرد ئەو شیعرە سیاسی یەی بخوێنێتەوە کە لە سەردەمی ( شیخ نجم الدینی صائب ) متصرفی هەرەپێشووی هەولێر دانیاوەو لەسەردیواری سەرای میری هەلواسیوە .

— کاك بورهان گوتی : ـ لە سەردەمی پاشایەتی بۆگەنداو لە کاتێ کە نجم الدین صائب متصرفی هەولێر بوو ، باری کوردستان زۆر ئالۆز بووو خۆشم لە بارێکی ناخۆش و نالەبار بووم بۆیە ئەم هەڵبەستەم دانا لە دژی میری و شەو لە ناوێك لەسەر دیواری سـەرای هەولێرم هەلواسی تا بەیانی مایەوەو گەلێ کەس خوێندیانەوەو لە سەری گیرامەوە ، و هەڵبەستەکەشم بەناوی ( بازاری فەلەك ) ە و ئەمە دەقەکەیەتی : ـ

بازاری فەلەك چەوتە بەفلسێ نی یە ئەشـعار
مەیدانی عەقل بۆتە تەویلەی کەرو کەردار
زینـدانە مەقامی عوقەلا ژێر دەسی غەددار
ئیتر بە چ نەوعێ بکەن ئەم عالەمە هاوار ؟

قەصابی سەری میللەتە حوککامی زەمانە
جەللادی کەسی بێ کەسە پۆلیس و شەبانە
لێمان ئەستێنن بە هەوەس باج و سەرانە
ئیتر بە چ نەوعێ بکەن ئەم عالەمە هاوار
قانوونی عقوبانە مەگــەر ئالەتی ئەزیەت
دانراوە لە بۆ مەنفەعەتی مامە حکوومەت
شێواوە لە دەس زولمی هەموو میللەت
ئیتر بە چ نەوعی بکەن ئەم عالەمە هاوار
عالەم لە هەموو لاوە بریندارى جەفایە ،
مەعلوومە کە ئەم چەرخە چ بێ رەحم و وەفایە
ئەم کارە چ کارە چ عەزابە چ بەلایە ،
ئیتر بەچ نەوعێ بکەن ئەم عالەمە هاوار
جاهید لە دەرو دەشت و بیابانە هەموو دەم
شیعرو غەزەلی زینەتی ئینسانە هەموو دەم
بوێژیکی وەتەن پەروەری کوردانە هەمو دەم
ئیتر بە چ نەوعێ بکەن ئەم عالەمە هاوار ! !

لەدوای خوێندنەوەی ئەم هەڵبەستە ، کاک یونس عبدالله حداد ئەم پرسیارەی خوارەوەی ئاراستەی کاك جاهید کردو گوتی : —

تکایە نموونەیەکیان لە هەڵبەستە دڵدارییەکانت پیشکەش بکە ، ئەویش ئەم شیعرانەی پیشکەش کردو گووتی : —

بلێن بەو یارە شیرینەم لەسەر روو پەردە با لادا
ئەوی هەم بوو لە دنیادا بە بەحری خوسێ ویم دادا
فیغانی گوڵ لە بۆ بولبول لە پاش مردن دەوا نادا
ئەگەر هەی بێ چ احسانێ بداتێ پێم لە دنیادا ! !

وە لە نموونەی شیعری فەلسەفی کاك جاهید ئەم تاکەی خوێندەوە :

عاقیبەت ئەرزێ لەشم هەرچەند بەنازی گەورە کەم
خزمەتی زگێ چەند بکەم موحتاجی یەك نانم دە کا .

لە کۆتایی خوێنـــدنەوەی ئەو نموونانە ، دووبارە کاك فەرهاد شیخ یوسف داوای لێ کرد کە ئەو هەڵبەستە بخوێنێتەوە کە بۆ پشیلەیەکی برسی داناوە لە بەندیخانەدا .

– لە وەڵامدا کاك جاهید گوتی : –

« لە کاتی بەرپابوونی شۆرشی سێیەمی بارزان لە ســـالی ١٩٤٥ دا من گیرامو لە بەندیخانەدا بە « وهاب آغای جندیانو حمـــد آغای میرگەسۆریو برایم آغای کاولوکان » گەیشتم کە ئەوانیش لەسەر جموجۆلی کوردایەتی گیرابوون . . نیوە شەوێك پشیلەیەکی برسی بە میاوە میاو هاتە ژووری بەندیخانەو هاتە ناو نوێنی من لێرەدا وهاب آغاو برادەران گوتیان « بەخوا وا میوانت هات دیارە سکالای هەیەو دادی بپرسە منیش هەر ئەو شـــەوە ئەم هەڵبەستەم لەسەر ئەو پشیلە برسییە دانا وا پیشکەشتانی دەکەم :

## ( پشـــیلە )

پشیلەیێـکی وەك بەشەر خولقاو
لێمان هاتە ژوور بەمیاو میاو
تەسلیمم کرا دامنا لە رۆخم
ئەبـێ بۆ ئەمە نەختێ بکۆخم
لە دەموچاوی گەلێ تێ فـکریم
ئەو هەلبەستەیەم من لەوی کریم
پاشی مەرحەبا نانم دەرخواردا
زانیم برسی‌یە بەحەققی خودا
گەلێ مەغدوورە گەلێ برسی‌یە
شـــەریفی آشچی لێ‌ی نەپرسی‌یە
وو‌تم : هەی فەقیر هەی بەستەزمان
میوانی ئەتۆ لای کاکە ( بورهان )
من زمانی تۆ لە کوێ پەیا کەم
بە کامە دوکتۆر دەردت دەواکەم
بۆ کامە حاکم دەردی تۆ بەرم
کێ بێ بخوێنێ قسەو دەفتەرم
هەزار موحامی هەزار فەیلەسووف
لە تەشی ئەدرێ ئیمرۆ وەکو سووف
هەزار مەلاوو هەزار خوێنـــدەرار
فلســـەکی ناکا ئێمرۆ لە بازار !

هەزار خەریجی ثانەوی‌و عالی
لە کونو قوژبن بۆ خۆی دەنالی
هەزار کاتبی خۆش خەت‌و ئینشا
بوویتە خوولامی چەلەبی‌و پاشــا
ئیمرۆ بێ پارەی هەیتوی بێ‌باب
لەشی رزیوە لە دەردو عەزاب
حەپسخانەیە جێگەو مەســکەنی
لەسەر ئەو حالەش هەر پێ‌ئەکەنی
ئەگەر جارێکی رووی خوی ترش کا
دەلێن کوفری کرد لە قاپی خودا
جا ئەی پشیلەی بێ چارەو زەلیــل
کە تۆ وا هاتی بۆ لای من دەخیل
ئەتۆ بۆ زگت وا پەرێشــانی
ئیمشــەو میوانی برات بورهانی
شەرت بێ تێرت کەم برسیت نەهێلم
وەها مەزانە لە تۆ بە فێلم ! !

لە کۆتایی هاتنی پرسیارو وەلامەکانی کاك جاهیــددا کاك محمد حەسەن مەنگوڕی ئەندامی یەکێتی‌ی نووسەرانی کوردمان ئەم پێشنیارەی خوارەوەی پیشکەش کرد

[ من پێشنیار دەکەم کە ئەم گفت‌وگۆیەتان لەگەڵ کاك جاهیــدا هەر بەو جۆرەی ئیستا بنوسرێتەوە و اجازەی بۆ

وەربگیرێو چـاپ بکرێو پارەکەشی لە رێـگەی پیتـاکو یارمەتی‌دانی ئەدەب‌دۆستانەوە بێو ئەوەی لە بەری برا یەکێتی. تەواوی بکاتو خۆشم ئامادەم چەنـدی دەڵێن پارە بدەم بۆ هێنانەدی ئەم پرۆژەیە . ]

ئەم پێشـنیارەی کاك مەنگوڕی لە هەموو لایێـکی. بەشداربووانی کۆڕەکە پەسـەندکراو ٤٢ دیناریان پیتاکدا بۆ چاپ‌کردنی رووداوەکانی ئەم کۆڕە ئەدەبی‌یە .

لێرەدا کاك بورهان جاوید رەخنەی لەم کردارەو پێشنیازەکە گرتو گوتی : « زۆرم پێ‌ناخۆشە کە لەم کاتەدا پیتاکم بۆ کۆدەکەنەوە و ئەمەش دەبێتە مایەی شکاندنم ، لێرەدا مامۆستا عزالدین فیضی سـەرۆکی لقی یەکێتی‌مان هەسـتاو گوتی : « کۆکردنەوەی ئەو پارەیە بۆ تۆ نی‌یە بەڵکوو بۆ ئەدەبەکەتە تاکوو پێی چاپ‌بکەینو لە نەمان و لە ناوچوون بیپارێزین .

ئەوەی شـایانی باسیشە دەسـتەیێکی وەك برایان : أحمد دڵزارو عومەر شێخ‌اللەو أمین محمـد محمودو ممتاز حەیدەری بەشـداری‌یان کرد لە پرسیارکردنو موناقەشەدا . . و ئەم کۆڕە ئەدەبی‌یەمان پتر لە دوو سەعاتی خایاند .

لیژنەی ئامادەکردنی
ئەم کۆڕە ئەدەبی‌یە

دەستەی بەڕێوەبەر لە کۆبوونەوەی رۆژی ٢٥ / ٣ / ١٩٧٣ دا بڕیاری‌دا بە پێکهێنانی لیژنەیێك بۆ ئامادەکردنو رێـکخستنی

رووداوەکانی ئەم کۆڕە ئەدەبیەی لقی یەکێتیمان کە لە رۆژی پێنجشەممەی رێکەوتی ٢٢ / ٣ / ١٩٧٣ دا بەسترا و لیژنەکەش بەم جۆرە پێکهات :

١ – کەریم شارەزا : جێگری سەرۆك

٢ – أحمد شریف : سکرتێری رۆشنبیری

٣ – یوسف احمد دەرگەڵەیی : ژمێریاری لقی یەکێتی

ئەم لیژنەیە توانی گفتوگۆکەی سکرتێری رۆشنبیری لەگەڵ کاك بورهان جاهیددا تومار بکا و ئامادەی بکات بۆ چـــاپ کردنو خوا یاربێ لە دوا رۆژێکی نزیكدا ئەخرێتە بەر دەستی خوێنەرە بەرێزەکانی کورد زمانمان .

لیستەیێك بە ناوی

ئەو کەسانەی کە پیتاکیان داوە بۆ

چاپ کردنی رووداوەکانی ئەم کۆڕە.

| فلس | دینار | |
|---|---|---|
| ٠٠٠ | ٥ | مامۆستا محمد رەشاد مفتی ( قازی هەولێر ) |
| ٠٠٠ | ٤ | « عبدالرزاق بیتووشی |
| ٠٠٠ | ٣ | کۆمەڵەی رۆشنبیری کوردی |
| ٠٠٠ | ٣ | خوشکە سامیە شاکر |
| ٠٠٠ | ٢ | مامۆستا محمد حسن مەنگوری |

(پــارە: فلس، دینار)

| | |
|---|---|
| ٢ | « عمر شیخ‌الله دەشتەکی |
| ٢ | « ممتاز حیدری |
| ٢ | « عبدالقادر حمدأمین |
| ٢ | « أمین محمد محمود |
| ٢ | « ابراهیم عبدالرحمن |
| ٢ | یەکێتی قوتابیان ایژنەی سانەوی کچان. |
| ١ | مامۆستا عزالدین فەیزی |
| ١ | « احمد دلزار |
| ١ | « محمد مولود ( مەم ) |
| ١ | یەکێتی‌ی ئافرەتان |
| ١ | مامۆستا أحمد شیخ طاهر نەقشبەندی |
| ١ | « طاهر کریم |
| ١ | « لەشکری یابە |
| ١ | « شیخ‌عبدالله نەقشبەندی |
| ١ | « کریم شارەزا |
| ١ | « احمد شریف |
| ١ | « طه عزیز رەشوانی |
| ١ | « حسن حمد |
| ١ | « دلشاد حیدر |
| ١ | « یوسف احمد دەرگەلەیی |
| ٤٣ | چل و سێ دینار |

## ریزو سوپاس

دەستەی بەڕێوەبەری لقی یەکێتی‌مان پڕ بەدڵ ڕێزو سوپاسی خۆی پێشکەش بەو خوشك‌و برا گەورەو بەڕێزانە دەکات ، کە لە رووی دڵسۆزیانەوە بۆ رۆشنبیری‌و ئەدەبی کوردی‌و گەشەکردنیان ، پشت گیری‌یان کردین بە بەشداربونیان لە پیتاك‌و کۆمەگی‌کردنمان بۆ چاپ‌کردنی رووداوەکانی ئەم کۆرە ئەدەبی‌یەمان

# یەکێتی‌ی نووسەرانی کورد ـ لقی هەولێرو کۆڕە ئەدەبی یەکانی

• لە کۆنفرانسی سێ‌یەمی لقی یەکێتی‌مان لە رۆژی ٣٠ / ١ / ١٩٧٣ دا و لە ئەنجامی دەرچوونی لیستەیێکی یەکگرتوو دەستەی بەڕێوەبەری سێ‌یەمی لقی هەولێرمان هاتەکایەوە . و لە یەکەم رۆژی ئیش‌کردنیان نەخشەیێکی گشتی بۆ کاروفرمانی سالی تازەی کێشاو لە ماوەی ئەو چەند مانگەی ئیش‌کردنیا توانیوەیەتی ئەم کۆڕو ئاهەنگانەی خوارەوە ساز بکات —

١ — کۆڕە ناوخۆیەکان

(١) لە بیرەوەری مەلا محمدی کۆیی‌دا

لە رۆژی ٤ / ١ / ١٩٧٣ دا برایان عبدالخالق علاءالدین‌و

کەریم شارەزاو مجید هێرش پێشکەشیان کردو باسەکە لە ئامادە-
کردنی کاك عبدالخالق علاءالدین بوو .

(٢) کۆبوونەوەی دەستەی گشتی :

لە رۆژی ١٩ / ١ / ١٩٧٣ دا دەستەی گشتی لەسەر داوای دەستەی بەڕێوەبەر کۆبووەوە بۆ لێدوان لە کاروباری یەکێتیو بڕیاری دا بە دامەزراندنی دوو لێژنە .

ا - لێژنەی رۆشنبیری بە سەرۆکایەتی کاك احمد شریفو ئەندامێتی برایان : عەزیز گەردیو ممتاز حەیدەریو خوشکە سامیەو کاك یوسف احمدو عبدالخالق علاءالدینو هۆگر گوران .

ب - لێژنەی پەیوەندی : بە سەرۆکایەتی کاك مدحت بێخەوو ئەندامێتی برایان مغدید سـوورانو جمیل رەنجبەرو فرید زامدارو کەمال غەمبار .

٣ - سالمو شیعری نیشتمانی :

لە رۆژی ٣٠ / ١ / ١٩٧٣ دا کۆڕێك بەو ناونیشـانە پێشکەش کراو باسەکە لە لایەن کاك ( هۆگر گۆران ) ەوە ئامادە کرابووو پێشکەش کراو ئەوەی شیاوی باسە کاك احمد شریف بە ووتارێکی سەرپێیی کۆڕەکەی کردەوەو برایان کەمال غەمبـار و مدحت بێخەو بەشـداری یان کرد لە هەلسووراندنو وەلام دانەوەی پرسیاری بەشداربووان .

٤ – ئاهەنگێکی ئەدەبیو هونەری گەورە : لە رۆژی نووسەری کوردا دەستەی بەڕێوەبەر لە ئێوارەی رۆژی ١٠ / ٢ / ١٩٧٣ دا ئاهەنگێکی ئەدەبیو هونەری لە ژێر دروشمی ( ئەدەبێکی پێشکەوتن خوازو بەرەی یەکگرتووی نیشتمانیو ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان ) لە هۆلی گەلدا گێرا .

بەرێز پارێزگاری هەولێر تێکۆشەر عبدالوهاب ئەتروشی بە وتارێکی پڕ لە پیرۆزبایی بۆ نووسەری کورد لە رۆژی دامەزراندنی یەکێتییەکەماندا ئاهەنگەکەی کردەوەو پەنجا دیناری بەخشی بە یەکێتی بۆ رواندنی کاروباری رۆژانەیو دوابەدوای ئەو . کاك کەریم شارەزا جێگری سەرۆك وتاری یەکێتی پێشکەش کرد و خوشکە سامیە شاکر پارچە شیعرێكو کاك احمد شریف سکرتێری رۆشنبیری لێکۆلینەوەیێکی ئەدەبی پێشکەش کردو کاك مدحت بێخەو هەلبەستێکی خۆی بەناوی ووشەکانم خوێندەوەو ووتاری کۆمەلەی رۆشنبیری لەلایەن کاك محمد حسن مەنگوڕییەوە پێشکەش کراو کاك محمدامین ئۆسمانیش ووتارێکی بە شێوەی بادینی خوێندەوەو برایان سعدالله پەرۆش و عبدالخالق سەرسامو مجید هێرش هەریەکە هەلبەستێکی خۆی پێشکەش کردو کاك ممتاز حەیدەریش باسێکی ئەدەبی خوێندەوەو تیپی هونەری هەولێر لێکدا لێکدا پارچە مۆسیقای خۆش خۆشی پێشکەش

دەکرەو ئەوەی شیاوی باســە کاك یوسف احمد دەرگەڵەی پێناسێ ئاهەنگەکەبوو دەوریکی جوانی گێرا لە خۆش کردنی ئاهەنگەکەو پێشکەش کردنی بەندەکانی پرۆگرامەکەی

٥ ـ گفتوگۆیەکی ئەدەبی لەگەڵ شاعیری کلاسیکی کورد بورهان جاهیدا لقی یەکێتمان گفتوگۆیەکی ئەدەبی لەگەڵ کاك بورهان جاهید کرد لە ئیواردی رۆژی ٢٢ / ٣ / ١٩٧٣ دا ، جێگری سەرۆکی لق کاك کەریم شارەزا بەووتاریکی سەرپێی کۆرەکەی کردەوەو ئینجا سکرتیری رۆشنبیری کاك احمد شریف گفتوگۆکەی هەڵوراند کە درێژەی رووداوەکانی ئەم کۆرە لە پێشەوە لەم نامیلکەیەدا خویندوتانەوە

٦ ـ لێکولینەوەیکی گشتی لەسەر وەلی دێوانە

لە ئیوارەی رۆژی ٢٢ / ٤ / ١٩٧٣ دا لە رێکەوتی رۆژی رۆژنامەگەریتی کورد بە بۆنەی تێپەربوونی ٧٥ ساڵ بەسەر دەرچوونی یەکەم رۆژنامەی کوردی کە رۆژنامەی ( کوردستان ) بووە لقی یەکێتیمان کۆرێکی ئەدەبی فراوانی لە باغچەکانی یانەی فەرمانبەرانی هەولێردا سازکردو لە سەرەتادا سکرتێری رۆشنبیری کاك احمد شریف بە ووتاریك کۆرەکەی کردەوەو دەشتی بۆ رۆژی رۆژنامەگەریتی کورد درێژکردو پیرۆز بایی

دەستەی بەڕێوەبەری پیشکەش بە ڕۆشنبیرانی گەلی کورد کرد لە جەژنی ڕۆژنامەگەری‌دا ، ئینجا بڕایان : ـ

یوسف احمد دەرگەلەیی‌و ممتاز حەیدەری هاتنە سەر شانۆبۆ پیشکەش‌کردنی لێکۆلینەوەیێکی ئەدەبی لەسەر ( وەلی دیوانە ) :

کاك یوسف باسێکی فراوانی لەسەر ژیان‌و شاعیریەتی وەلی دیوانە ئامادەکردبوو خوێنـــدیەوە و دەستی بۆ هەموو سەرچاوەکانی باسەکەی درێژکردو هاتە سەر ئەو رایەی کە بلێ : « وەلی دیوانە خوێندەوار بووە » و لەم رایەشی پشتی بە هەندێ سەرچاوەی ئەدەبی بەست‌بوو و زۆربەی بەشدارانی کۆڕەکـەش لایەنگیری ئەم رایەی کاك یوسفیان کردو لە کۆتایی‌دا کاك ممتـــاز حەیدەری موناقەشـــەکانی کۆڕەکەی هەلسووراندو هەندێ تێبینی خۆی دەربڕی .

وەمامۆستایان : فاضل عیرفان و محمدمەلاقادر و احمـــد شریف و عبدالله عمر و حسین رەشوانی‌و محمدأمین ئۆسمان‌و گەلیکی‌تر تێبینی‌و رای خۆیان لەسەر مەسەلەی خوێندەواری وەلی دیوانەو هەندێ شتی‌تر دەربڕی و کۆڕەکە پتر لە دوو سەعاتی خایاند .

ب ـ کۆڕە تەلەفزیۆنی‌یەکان : ـ دەستەی بەڕێوەبەری لقی

یەکێتیی نووسەرانمان وەنەبێ تەنها کۆڕی ئەدەبی ناوخۆی پێشکەش کردبێ و بەس بەڵکوو توانیویەتی لە ماوەی ئەو چەند مانگەی کە کاروباری یەکێتی گرتۆتە دەست ئەم کۆڕە ئەدەبیانە بۆ تەلەفزیۆنی کرکوك تۆمار بکات :-

(١) لە بیرەوەری بێکەسی شاعیرو شۆڕشگێڕی پێشکەوتن خوازدا لە ئامادەکردنی کاك احمد شریف ، ئەم کۆڕە لە رۆژی ١١ / ١٢ / ١٩٧٢ لە لایەن برایان احمد شریف و یوسف احمدو مەغدید سۆرانەوە پێشکەش کرا .

(٢) بە یەك گەیشتنێك لەگەڵ دوو شاعیری کورد ، کەریم شارەزا و مدحت بێخەو لەلایەن کاك یوسف احمد دەرگەڵەییەوە لە ١٢ / ١١ / ١٩٧٣ پێشکەش کرا .

(٣) ئەدەب و ئافی کردنەوەکانی : لە ئامادەکردنی کاك کەریم شارەزا لە رۆژی ١١ / ١٢ / ١٩٧٢ دا لەلایەن برایان احمد شریف و کەریم شارەزاو کەمال غەمبارەوە تۆمار کرا .

(٤) کەلەپووری نەتەوایەتی : لە ئامادەکردنی کاك کەمال غەمبار ، لە رۆژی ١١ / ١٢ / ١٩٧٢ دا لەلایەن برایان کەمال غەمبارو مدحت بێخەوو مغدید سۆرانەوە تۆمار کرا .

(٥) قانیع و شیعری نەتەوایەتی :- لە ئامادەکردنی کاك

مەغدید سـوران لە رۆژی ٤ / ٢ / ١٩٧٣ دا لەلایەن برایان کەمال غەمبارو مەغدید سۆرانو احمد شریفو عەزیز گەردیو مدحت بێخەوەوە پیشکەش کرا .

(٦) ئیلتیزام لە شیعری کوردیدا :

ئامادەکردنی کاك جەمیل رەنجبەر ، لە رۆژی ٢٤ /٢/ ١٩٧٣ دا لەلایەن برایان جەمیل رەنجبەرو محمد مەنگوریو احمـد شریفو یوسف احمد دەرگەڵەیی‌یەوە پیشکەش کرا .

(٧) مەلا محمدی کۆیی زاناو شاعیر :

لە ئامادەکردنی کاك عبدالخالق عـلاءالدین ، لە رۆژی ٢٤ / ٢ / ١٩٧٣ دا لەلایەن برایان مجیـد هێرشو عبدالخالق علاءالدینو کریم شارەزاو مدحت بێخەوەوە پیشکەش کرا .

(٨) رەگی بیروباوەڕی کۆنەپەرستی لە پەندی پێشینان‌دا :

لە ئامادەکردنی کاك محمد حسن مەنگوڕی ، لە رۆژی ٢٤ / ٢ / ١٩٧٣ دا برایان : محمد حسن مەنگوڕیو احمد شریفو یوسف احمد دەرگەڵەیی پیشکەشیان کرد .

(٩) وەفایی :

لە ئامادەکردنی کاك عزیز حەریریو پیشکەش کردنی برایان یوسف ئەحمەد دەرگەڵەییو عەزیز حەریریو سعدالله پەرۆش

له رۆژی ۲۹ / ٤ / ۱۹۷۳ دا تومار کرا

(۱۰) قەڵای دمدم

له ئامادەکردنی کاك عبدالخالق سـەرسـام ، له رۆژی ۲۹ / ٤ / ۱۹۷۳ لەلایەن برایان عبدالخالق سـەرسـامو فریلا زامدارەوه پیشکەش کرا

هەولێر ، ۲۵ / ٤ / ۱۹۷۳

له چاپخانەی ــ حوادث ــ چاپ کراوه ( بەغداد )